# نزار سەلامی:
# بۆ مەبەستی ململانێی هونەری لەگەڵ هاوڕێکانم کار ناکەم

ئا/ بەهرە صدیق

**نزار سەلامی بە (مەمی ئالان) ناسرا، دواتریش بەشداری لە چەندین کاری هونەری دیکەدا کرد وەك دراما و فیلم تا بوو بە یەكێك لە ئەكتەرە بەتواناكان، زیاتر لە ساڵێك بەر لە ئێستا بەشداری لە زنجیرە درامایەكدا كرد كە دواتر راگیرا بە بیانووی ئەوەی سووكایەتی بە خانەوادەی ئەنفالكراوەكانی كوردستان دەكات، هەروەها بەر لە ماوەیەكی كورتیش رۆڵی پاڵەوانی بینی لە زنجیرە درامای ( ئاكامی نهێنییەكان) كە دیسان ئەویش بەر رەخنە كەوت، لەدیمانەیەكی تایبەتی لەگەڵ گوڵان بەم شێوەیە باسی لە دوایین كارەكانی خۆی و ئەم زنجیرە درامایە كرد:**

*** دوای درامای (ئاكامی نهێنیەكان) بەچییەوە خەریكیت؟**

- خەریكی فیلمێكی سینەماییم ماوەی دە رۆژ دەبێ دەستمان كردووە بە وێنە گرتنی لە بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانییە.

***وەكو پاڵەوانی زنجیرەی ئاكامی نهێنیەكان كە لەم دواییەدا لە كەناڵی كوردسات پێشكەش كرا لەلایەن ئافرەتانەوە رەخنەی زۆری لێگیرا، گوایە سووكایەتی بەپیرۆزی ئەوانەوە كراوە رات چییە بەرامبەر بەوە؟**

-من هەندێك بیر كردنەوەم پێ سەیرە لەگەڵ رێزم دەتوانم بڵێم ئەوان لە دراماكە جوان تێنەگەیشتوون، چونكە ئەم درامایە كۆكردنەوەی كۆمەڵێك خاڵی جوان بوو، بۆ بەدیهێنانی تەواو بیرخستنەوەی تەواو بۆ جێبەجێكردنی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، ئێمە بۆ ئەوە كارمان كردووە كە كەسانێك هەن چ نێرینە چ مێینە وەكو نەبەز خراپن، ئەو چیرۆكە لەراستەقینە سەرچاوەی گرتووە، ئەم توندوتیژیە راستەقینەیە، نەك هەر لە وڵاتی ئێمە بەڵكو لەوڵاتانی دەوروبەریش هەبووە، تەنها كەلتوری خۆمان نییە، چیرۆكێكی راستەقینەیە، داڕێژراوەتەوە بۆ چیرۆكی درامی، بەوێنە پیشان دراون كە ئەم توندوتیژییە لەوڵاتانی دەرەوەش هەیە نەك تەنیا وڵاتی ئێمە، ئەوەمان دەرخستووە كەكۆمەڵە كەسانێك هەن دەبنە قوربانی وەكو «رۆژان» وەكو «شەهێن» یان كۆمەڵێك ئافرەتی تر، ئیتر نازانم چی سووكایەتی بەئافرەت تێدایە، كۆمەڵێك كارەكتەرە بەرجەستە دەكرێت چ لەلایەن ئافرەت بێ یان پیاو كە باسی نەبەز دەكەین، مەرج نییە نەبەز پیاو بێ چەندین ئافرەتیش هەیە لەشێوەی ئەو خیانەت لە مێرد و منداڵی دەكا، دواجار هەر كەسەو سەربەخۆیە ئەو چیرۆكە چۆن لێك دەداتەوە، ئەوە چیرۆكی ڕاستەقینەی ژیانی خۆم نییە، بەڵام كۆمەڵە كەسانێك هەن چ وەكو شەهێن و رۆژان یان نەبەز ئەو ڕووداوانەیان بەسەر هاتووە نەك هەر ئەوان بەڵكو رووداوی كۆمەڵگەشە.

*** ئەی (گەرمیان و كوێستان) بۆچی راگیرا ؟**

- كە دەستمان كرد بەداڕشتنەوەی چیرۆكی (گەرمیان و كوێستان) بۆ دراما نزیكەی شەش حەوت مانگ پێوەی ماندووبووین بۆ خستنەڕووی كۆمەڵێك خاڵی ناشرین بەرامبەر بەكورد، كێ بڕوا بەوە دەكا كە منیش وەك هەر تاكێكی كورد خەڵكی ئەو وڵاتەم بێم كارێك بكەم لەگەورەیی كورد كەم بكەمەوە، گوایە ئێمە سوكایەتیمان بەكەس و كاری ئەنفال كراوەكان كردووە، مەبەستمان خۆشەویستی بیرخستنەوەی نەبووە، بەڵام بەداخەوە لەدووەمین هەفتەیەوە فشاری خرایە سەری و راگیرا، دڵنیاشم ئەگەر ئەم درامایە تەواو بكرایە ئەو كەسانەی كە بەم شێوەیە بیریان دەكردەوە خۆیان پاشگەز دەبوونەوەو دەست خۆشییان لێ دەكردین، بەوهیوایەم چ من بم یان تۆ یان كۆمەڵە كەسانێكی سادەو ساكار بن چاوەڕێ بكەین تا كۆتایی كارەكان، نەك تفەنگ بنێین بە تاریكییەوە رەنگەكان ببینین، ئینجا یەكیان هەڵبژێرین نەك بەم شێوەی خۆمان پێوانەی بۆ بكەین.

***پێت وایە گەیشتیە ئەو ئاستەی پێت بڵێن ئەستێرە؟**

-خۆزگە دەخوازم كاری جوان بكەم، لەدرامایەك نواندنێكی جوان بكەم، خۆزگە دەخوازم لەم كارانەی دەیكەم نزیك ببمەوە خەڵكانێك خودی نزار ببینن حەز دەكەم كاری جوان بكەم، من كار بۆ ئەوە ناكەم كە ركابەرێتییەكی شەرعی هاوڕێكانم بكەم، ئێستا لەو رێگایەم تاكو بتوانم خۆم بكەم بە ئەكتەر .

***ئەگەر ئێستا كارێكی وەكو مەمی ئالان هەبێ ئامادەی بەشداری تیابكەی؟**

-بەڵێ، چونكە ئەو دەورەم لەم درامایە منی بەخەڵك ناساند، ئێستا خەریكی كارێكم زۆر دوورە لە مەمی ئالان و لە نەبەز، بۆیە پێمخۆشە بەشێوەیەك لە شێوەكان خزمەت بەهونەری كوردی بكەم جا لەرووی هونەری بێ یان لەرووی بەخشینی زانیاری، یان باس لە چیرۆكی دڵداری بكات، یان توندوتیژی بێ یان لە هەر روویەكی ترەوە، چونكە پێموایە هونەر بەشی زۆری پیشان دانی وڵاتە، بۆیە خۆشحاڵم كە جارێكی دیكەش لەدرامایەكی وەكو مەمی ئالان بەشدار ببمەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەشێوەكان مەبەستی من ئەوە نییە سوكایەتی بەچیرۆكی دراماكان بكەم یان بۆ ئەوە بێ بڵێم من باشترم لەوەی تر،دەمەوێ ئەو سوكایەتی و رق و كینەیە نەمێنێ روو لەدنیایەكی پرجوانی و بێگەرد بكەین.

***هیچ رەخنەیەكت لە رۆڵەكەی خۆت لە مەمی ئالان گرت؟**

-وەكو رەخنە نەخێر، بەردەوام گوتومە ئەمە یەكەم كاری من بووە، بەڵام ئەگەر ئێستا درامای مەمی ئالان بكرێتەوە، دڵنیام گۆڕانكاری دەبێ هەم لەرووی ئەدا كردنەوە هەم لەرووی جووڵەو جەستەوە، شانازیش بەو دەورەوە دەكەم، شانازی بەتاژدین و موژدینیشەوە دەكەم، چونكە ئەوان منیان ناساند بۆیە بەهەر جۆرێك بێ حەزدەكەم خزمەت بەهونەری كوردی بكەم .



# گلاره دەیەوێ هونەر و فیزیا ئاوێتەی یەک بکات





**یەکێکە لە ژەنیار و ئەندامە دیار و بەرچاوەکانی گرووپی بێسـارانی، کە بە دەسـت و پەنجەکانی دەنگێکی خۆشـتر دەبەخشـێتە تەنبوورەکـەی. ئەو هونەرمەنـدە خوێندنەکەی لە بواری فیزیایە، بۆیە رای وایە فیزیا و هونـەر بەتایبەتیش هونەری گۆرانیبێژی پێوەندییەکی توکمەیان هەیە. بۆیە بە نیازە ماستەرنامەکەی لە بوارەی پێوەندی فیزیا و هونەر بێت، لە دیدارێکی کورتدا بەم شێوەیە بەرسڤی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گولانی دایەوە.**

*** وەك كچێك كە لەگەڵ گرووپی بێسـارانیت هەست بە چی دەکەی ؟**

- ئەندامانی گرووپ بە پێی ئاست و توانایان لە گـرووپ وەردەگیرێن نەك بە پێی رەگەز، بەڵام کەش و هەوای گرووپ و شێوازی هەڵسوکەوت و رەوشت بەرزی بەرپرسی گرووپ و ئەو رێزەی بـۆ ئەندامانی گرووپ هەیەتی وایکردووە، ئەو ئافرەتانـەی دەبنە ئەندامی گـرووپ درێژە بە کاریـان بدەن و لەم گرووپە بمێنین، هەسـت بە خوشـحاڵی و شـانازی دەکەم کە تاوەکو ئێستا توانیومـە لە گروپی بیسـارانی وەکو ژەنیارێك خزمەتی مۆسیقای رەسەنی کوردی بکەم.

*** چەند ئامێر دەژەنی؟**

- تاوەکو ئێستا تەنیا ئامێری تەنبوور دەژەنم.

*** پێتوایـە وەك گروپی بێسـارانی توانیوتانە خزمەتێك بە هونەری رەسەنی کوردی بکەن؟**

-مۆسـیقا ناسـنامەی هەر نەتەوەیەکە، بۆیە ئێمەی کورد کە سـاڵەهای سـاڵە لە پێناوی مانەوەی زمان و کەلتورمان شـۆڕش دەکەین و ئێستا بەشـێك لە خاکمان ئازاد کراوە و دەبێ بە شێوەیەکی فراوان کار لە سەر ئەم بابەتە بکەین. بۆیە زۆر پێویسـتە بە ئامێری کوردی خزمەتی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بکەین. تەنبوور وەکو کۆنترین ئامێری مۆسیقای کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە شـانازییەوە دەتوانم بڵێم ئامێریکی تەواو کوردییە، بۆیە یەکێك لە ئا ما نجە کا نی گرووپی بێسـارانی ئاشـنا کردنی جەماوەر و هەوڵدانە بۆ پێگەیاندنی ئەندامی شارەزا، چ لە ژەنینی ئامێرەکان و چ لە مێژووی مۆسـیقای کوردی، هەروەها پێشکەشکردنی کاری هونەری تازە لە سەر بنەمای مۆسیقای رەسەنی کوردیەوە بە هەموو توانامان کار بۆ ئەم ئامانجە دەکەین. بەڵام تا چەند سـەرکەوتوو دەبین، وەڵامەکەی لای جەماوەرە.

*** بیسـتوومانە خەریکی خوێندنی ماستەری، ئایا خوێندنەکەشت هەر لە بواری موزیکە؟**

- من لە بەشـی فیزیا درێژە بە خوێندنم دەدەم، مۆسیقا پێوەندی بە فیزیاوە هەیە، من خۆم حەزم دەکرد بۆ خوێندنی ماسـتەر لە بواری فیزیای مۆسـیقا درێژە بە خوێندنم بـدەم، کە پێوەندی لـە نێوان هەردوو زانسـتەکەدا هەیە، بەڵام ئەم پسپۆرییە لە بەشەکەم نییە بۆیە پسپۆری دیکە لە بواری فیزیا هەڵدەبژێرم.

*** حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاریتان دەکەن؟**

- لە سـاڵی ٢٠٠٨ دەسـتمان بە چالاکییە هونەرییەکانـی خۆمـان کـردووە و چەندین کۆنسـێرتمان لە کوردستان هەبووە و یەکجاریش لە فیسـتیڤاڵی فاس(لە وڵاتـی مەغریب) بەشـداریمان کـردووە. لـە ڕووی ماددی و مەعنەوی لـە لایەن هیچ دەزگایەك پاڵپشـتی نەکراوین. بەڵام نەبوونی ئیمکانیاتی مـاددی تـا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە کۆسپ لە رێگاماندا و بە تەواوی دوورمان بخاتەوە لە کارەکانمان و تا ئەو شوێنەی پێمان کراوە. توانیومانە درێژە بە کارەکانمان بدەین.

***جگە لە ژەنینی ئامێـری موزیك گۆرانیش نالێی؟**

- نەخیر، تاوە کو ئێستا هەر وەکو ژەنیار بەشداریم کردووە.





## تیرۆن بە سوور سەرنجڕاكێشە

لەكاتی ئامادەبوونی لە یەكەم نمایشی فیلمە نوێیەكـەی «Young Adult»، چارلـز تیرۆنی خانمــە ئەكتەری بە رەگەز ئەفریقی بەشــێوەیەكی زۆر ســەرنجڕاكێش دەركەوت. تیرۆن كە لەم فیلمەدا رۆڵی كچە نووســەری گەنج مافیــس گرای دەبینێـت بەتایبەتی لایەنــە كۆمیدییەكەی ئەو كەسـایەتییە بە جلوبەرگێكی ســوور ئامادە بوو كە سەرنجی زوومی كامێرا و ئامادەبووانی بەشـێوەیەكی زۆر بــۆ لای خــۆی راكێشـا و بــوو بــە پڕوپاگەندەیەكی زیاتر بۆ فیلمەكە، شـایەنی وتنــە ئەم فیلمــە بە یەكێك لــە فیلمە زۆر سەركەوتووەكانی تیرۆن دادەنرێت و لە ئێستاوە و دوای یەكەم نمایشی، رەخنەگرانی سینەما لە هۆلیۆد ستایشی تیرۆن دەكەن و پێشبینی دەكرێت ببێت بە یەكێك لە فیلمە پاڵێوراوەكانی ئۆسكار.

## پاریس دراوسێكانی بێزار كردووە



پاریــس هیلتۆنی میراتگری زنجیــرە هۆتێلەكانی هیلتۆن ئاهەنگێكی گەورەی لە ماڵی خۆی ســاز كرد و ژمارەیەك لە دۆســتە نزیكەكانی خۆی بانگهێشــت كردبوو بۆ ئەو ئاهەنگە ئەمەش بووە مایە بێزار بوونی دراوسێكانی.
میوانەكانــی پاریــس كۆڵانەكەیان بــە ئۆتۆمبیلەكانیان داخســتبوو و هیچ شوێنێك بۆ دراوســێكانی نەما بوو كە ئۆتۆمبیلەكانیــان رابگرن و هەندێكیان زیاتر لە نیو كاتژمێر چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی میوانەكان بوون، بۆیە بێزار بوون لەم كارەی پاریــس و نارەزایی خۆیان لەم بارەوە دەربڕی، تەنانەت هەندێكیان بە ئاشــكراییان گوت كە هیواخوازن ئەو شوێنە جێ بهێڵێت بۆ ئەوەی بحەسێنەوە لە دەست ئەم كارانەی.

# گاگا دەترسێ وەک دیانا بکوژرێ



کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی لەیدی گاگا ترسی ئەوەی هەیە چارەنووسی وەکو شازادە دیانای لێ بێت و بکوژرێت.

رۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی رایگەیاند لە بواری مۆسیقای پۆپدا گاگا خۆی بە کۆپی شازادە دیانا دەزانێت،، لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە گاگا بە رۆژنامەی ناوبراوی راگەیاندووە: گاگا هەمیشە باس لە شازادە دیانا دەکات و هەر شتێك دەربارە ژیانی دیانا هەبێت دەیخوێنێتەوە و زانیاری لەسەر پەیدا دەکات و بە ئاشکراش دەڵێ من دیانای سەدەی بیست و یەکەمم، یان کۆپییەکی ئەوم و بڕیارمداوە گۆرانییەکی تایبەت دەربارەی شازادە دیانا بڵاوبکەمەوە. رۆژنامەکە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوا و دەنووسێ: گاگا زۆر جار پێمان دەڵێ کەوا خەونی وا دەبینێت کە پێی وایە بە هەمان شێوەی دیانا کۆتایی بە ژیانی دێت و ترسێکی زۆری لەوە هەیە کە ناوبانگی دەبێتە هۆی کوشتنی.



## کاترین: هۆڵیۆد بەرامبەر بە یارانی زۆر بێ وەفایە



خانمە ئەکتەری ناوداری فەرەنسی کاترین دینۆفی تەمەن ٦٨ ساڵ رایگەیاند: سینەمای ئەمریکی زۆر بێ وەفا و بێ ئەمە بەرامبەر بەو ئەکتەرانەی کە بە تەمەندا دەچن.

کاترین کە بە یەکێك لە ئەکتەرە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ساڵانی حەفتاکان دادەنرێت، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (لۆباریزیان)ی فەرەنسی وتی: کاتێك ئەکتەر سیمای تێکدەچێت و بەرەو پیری دەڕوات، لە سینەمای ئەمەریکی هیچ رۆڵێکی پێ نادرێت، کەچی لە سینەمای ئەورووپی بە گشتی و فەرەنسی بەتایبەتی رێز لە مێژووی ئەستێرەکانی خۆیان دەگرن بە بەرهەمهێنانی فیلمی لەو جۆرە کە لەگەڵ تەمەنیان بگونجێت.

کاترین زیاتر وتی: کاتێك هونەرمەند پیر دەبێت لە هۆڵیۆد زۆر زەحمەتە ئەکتەرێك بتوانێت رۆڵێك بدۆزێتەوە، چونکە رۆڵەکان زیاتر بۆ لاوانە بەتایبەتی ئەوانەی لە رووی جەستەییەوە بەهێزن یاخود کچ و کوڕە ناسك و جوانەکان و پیرەکانیش فەرامۆش دەکرێن.

## مایلی: پێویستە کچان خۆیان لە کۆمەڵگادا بدۆزنەوە

کچە گۆرانیبێژی مایلی سایرس هەوڵ دەدات وێنەی خۆی لە منداڵییەوە بگۆڕێت بۆ کچێکی پێگەیشتوو و بە توانا کە پشت بە خۆی ببەستێت.

لەم بارەیەوە سایرۆس دەڵێ: من یەکێکم لەو کچانەی کە هەوڵ دەدەم شارەزاییەکی تەواوم هەبێت دەربارەی هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆم بە جۆرێك کە شارەزا بم لە دەوروبەر و بتوانم پشت بەخۆم ببەستم لە هەڵسوکەوت و رەفتارەکاندا بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، چونکە بەشێکی گرنگی ژیانی هەر کەسێك بریتییە لە چۆنیەتی دەستیشانکردنی هاوسەری ژیان، یان ئەو کەسەی خۆشی بوێت بە جۆرێك لە دوارۆژدا تووشی گرفت و کێشە نەبێت، بۆیە پێویستە کچان خۆیان لەمبارەیە هەوڵ بدەن پشت بە خۆیان ببەستن و خۆیان لە کۆمەڵگادا بدۆزنەوە.

# شەزا حەسون: هیوادارم کارەکانم جێگەی بایەخی گەلی کورد بێت

ديمانه/ ئالیان عۆن

گۆرانيبێژی عێراقی شەزا حەسون لەستار ئەكاديمی ٤ هونەرەكەی روون كردەوە، توانی بەدەنگە بەسۆزەكەی گەلانی عێراق لە هونەرەكەيدا كۆ بكاتەوە، سەرەڕای ئەو بەربڵاوييەی كە زۆر ئازاريان پێ چێژت، شەزا ئەمڕۆ توانی خۆی لەمەيدانی هونەری لە نێوان گۆرانيبێژە رەسەنەكان دەربخات، هەموو هەوڵێك دەدا بۆ گەيشتن بە لوتكە، هەرچەندە ئێستا لەسەرەتا رێگايە، گۆڤاری گوڵان بەمەبەستی زياتر ئاشنابوون خوێنەری كورد بەم هونەرمەندە ئەم ديمانەيەی خوارەوەی لەگەڵ سازدا.



***سەرەتا پیرۆزبایی دەرچوونی ئەلبومی (وجه ثانی)ی لێدەکەین.**

- سوپاســتان دەكــەم هیــوادارم كە جێگەی سەرنجتان بێت

***لەبەر چ ئەو ناونیشانە هەڵبژارد (وجه ثانی) واتە ڕوویەكی تر؟**

-ئــەو گۆرانیانەی كــە ئەلبومەكە لەخۆی دەگــرێ ڕوویەكی تری هەیە، جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆ لەمەیدانی هونەری هەن، كە گوێگری عەرەب لەمێژە لەگەڵی ئاشــنایە، بەدووبارە كردنەوەیان، بەم كارەم دەرم خســتووە كە هونەری ڕەسەن هێشــتاش هەر گوێگری خۆی و ئەگەر نوێ بكرێنەوە گیانێكی نوێی پێدەبەخشرێت.

*** ئامانج لــەو ئەلبومە ناردنی پەیامێكی دیاریكراو بوو بۆ كەسێك؟**

- بەپێكەنینــەوە هیــچ ڕۆژێــك گۆرانییەك هەڵنابژێــرم ئەگــەر پەیامێكــی تایبــەت نەگەیەنــێ، ئامانجی یەكەم و كۆتاییم ئەوەیە كە لەبیری باشــی جەماوەرەكەم بم ئەوەی كە هەردەم شایەنی باشترینە.

*** ڕووی دووەم بۆ شەزا چییە كە جەماوەرەكەی نایزانن؟**

- من مرۆڤێكی سادەم ڕكم لە ساختەكاری و دوروویيە، بەكورتی ژیانم كتێبێكی كراوە زۆر دوورە لە نهێنی.

*** بۆچــی هەڵبژاردنــی ئەلبومەكــەت ١٠٠٪خەلیجیە؟**

- ئەلبومەكە عیراقی _خەلیجی بەشداریم تییدا كردووە، لەگەڵ گرنگتریــن گۆرانیبێژەكان، شــاعیرەكان و میوزیكژەنەكان، پێمخۆش بوو لە یەكەم ئەلبومم زاراوەی خەلیجی پێشكەش بكەم كە ئیتمام بۆی هەیە و لە خوێنم دەڕوا؟

***بیرناكەیــەوە كــە ئامێكــی لوبنانــی لەگۆرانییەكانت هەیە ؟**

- نەخێر گۆرانی لوبنانیم پیشكەش كردووە،بەڵام بەڕاســتی ئەوجارە بیرم لێ نەكردەوە، بێگومان كارەكانی داهاتووم هەمەڕەنگ دەبێ.

- بــۆ لەكاتی گوێگرتن لەم ئەلبومە گوێگر هەست بەخەم دەكات؟

ئەمە یەكەم جارە كە ئــەو ڕەخنەیەم ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بە پێچەوانەوە واهەســت دەكەم زۆر گۆرانــی خۆشــی تێدایە بۆنموونــە :خلیك هنا،شاعلها،علاالدین،خلوه

*** بۆ ئەســپ و ئافرەت لــە ئەلبومەكەتدا هەڵبژارد؟**

- ئــەم هەڵبژاردنەم لە بەرگــی ئەلبومەكەم وەرگیراوە كە لە تەنیشــتمەوە ئەســپێك هەیە تەعبیر لە شهامەو نخوە دەكات، كەس نكۆڵی لەوە ناكا زۆر بە ئەسپ سواری بەناوبانگین؟

***چی وای لێكردی لەگەڵ كۆمپانیای ڕۆتانا بەردەوام بی لەكاركردن؟**

- چونكــە كۆمپانیای ناوبراو بەمامۆســتا ســالم هندی پێشكەوتووە، ســەرەڕای ئەوەش ئــەم كۆمپانیایــە زۆر بەڕێــزە و باشــەكان هەڵدەبژێرێ.

***كە بــە كچە بەنازەكەی ڕۆتانا بانگت بكەن دڵی چی؟**

- (بە پێكەنینــەوە) ئەوەم پێ بگوترێ و شەرمیش ناكەم.

***بەشــداریت لە زنجیرەیــەك كردبوو عیراقــی _ســوری_میســری كــە لەشاشەی بەغدادیە پەخش كرا بۆ ئەم تاقیكردنەوە دووبارەی ناكەیەوە؟**

- گرنگیدانــی ئەمــڕۆم لەبواری گۆرانییە بــەڵام نكۆڵی ناكەم ئەو بیرۆكەیــە هەیــە، كەچی ئێســتا دواخراوە لەبەر سەرقاڵی زۆرم، ئەوەش دەڵێم كە تەمســیل زۆر كاتی دەوێ پێویســتە، كاتی بۆ بهێڵمــەوە، كەمتر نەبێ لە ٣ مانگ، ئەوكاتەشم نییە.

*** لەگەل داگیركردنی هونەرمەند دای؟**

- بێگومــان نەخێــر، هونەرمەندیش مرۆڤە ســەربەخۆیی بیری و دەربڕینی هەیە كەس ناتوانــێ نكۆڵی لێ بكا كە هونەرمەند هی جەماوەرەكەیەتی.

**• لە پشــت هەموو كەسێكی ســەركەوتوو پاڵپشــتێك هەیــە، شــەزا حەســون كــێ هاندریەتی؟**

- گرووپێكــی ســەركەوتوو كــە بــەردەوام ئەوكاتانەی پێویستیم پێیانە ئامادەن.

**• چــۆن لەگــەڵ ناحەزانــی پێشــكەوتن دەجووڵێیەوە؟**

- هیــچ ئاگاداركرنەوەیەكیــان نادەمێ من ســەرقاڵی كارەكانم و ئاهەنگەكانی خۆمم و كاتی ئەوەم نییە گوێیان لێبگرم.

**• كەی شەزا هەست دەكات ئافرەتێكی لاوازو بێهیزە؟**

- ئەو كاتەی دڵم لێ نادات.

**• چ پەیامێكت بۆ گەلی كورد هەیە؟**

- زۆر سوپاســیان دەكەم، هیوادارم كارەكانم جێــگای ڕەزامەندیــان بێت، لــەم نزیكانە سەردانی هەولێر بكەم.

**• دوایین كاری هونەریت؟**

گۆرانی (منو المــا عنده ماضي) م كلیپ كــردووە، هۆنراوەی كازم ســعدیە و ئاوازی حاتم عراقیە_لەمــاوەی دوو ڕۆژ لە دوبەی لەگەڵ دەرهێنەر یاسر یاسری تۆمارم كردووە، ئەو گۆرانییەش لەبەرهەمهێنانی كۆمپانیای ڕۆتانایە.




